# ئایندەی دەسەڵاتی کوردستان بە دەست ئیسلامیەکان دەبێت!

**مستەفا شێخ محەمەد**
khoshkanyshekh@hotmail.com

لە ژمارە (89)ی رۆژنامەی ئاوێنە، چاوپێکەوتنێکی (م.عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانم خوێندەوە، ئەوەی مایەی سەرەنجی من بوو ئەوەیە ئایا دەسەلآت لە کوردستان دەکەوێتە دەست ئیسلامیەکان؟ بەتایبەت دوای ئەو رێکەوتنە ستراتیجیەی نێوانیان، کە هاوشێوەی رێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتیە، لە نێوان یەکگتووی ئیسلامی کوردستان ، کە بەبەشێك لە ئیخوانی دەولی ناسراوە، و کۆمەڵی ئیسلامی کە پێشینەیەکی جیهادی هەیە، ئەم رێککەوتنە وەك عەلی باپیر ڕاگەیاند، خۆئامادەکردنی ئیسلامیەکانە، تاکو لە ئایندە دەسەلآت بگرنە دەست، زۆرترین ڕێژەی دەنگ دەر لە خۆیان کۆ بکەنەوە، بەبڕوای من لەم گۆشەیەوە، هەوڵی وەرگرتنی دەسەلآت لە لای ئیسلامیەکان، کارێکی ڕەوایە ئەوانیش ئەو مافەیان هەیە، لە رێگای مەدەنیانە هەوڵ بۆ خۆیان بدەن... ئەمە شتێکی زۆر نۆرماڵە، بەلاّم ئایا ئەم رێکەوتنەی ئیسلامیەکان، رێکەوتنیکی ئاساییە، یان بەرئەنجامی هەوڵی پەرچەکرداری رێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی و پارتیە؟ لە کاتێکدا کە زۆربەی بڕگەکانی رێکەوتنەکەی یەکێتی و پارتی ئاشکرا نینن و بە نهێنی ماوتنەتەوە، ئەمەش وای لە ئیسلامیەکان کردوە ترسێك لە ئایندەی خۆیان ببینن.

کە ئەشێت برێکی زۆر لە زانستی تێدا بێت. کە نیگەرانی ئایندەی خۆیانن، ئەمەش روونە بۆ ئیسلامیەکان و بۆ هەموو خەڵکیش کە ئیسلامیەکان خراونەتە ژێر پرسیارەوە لە لای یەکێتی و پارتی، هەمیشە تۆمەتی ئەوەی کە ئیسلامیەکان ئەوەندەی گرنگی بە ئاین دەدەن ئەوەندە، کار بۆ قەزیە نەتەوەیەکان ناکەن دراوەتە پاڵ، ئەمەش رەخنەیەك تاکو ئێستا ئیسلامەیەکان نەیان توانیوە وەلاّمی ئەم پرسیارە بدنەوە، دیسانەوە ئەمەشیان بۆ هاولاّتی کورد ئەمرۆ روونە، هەردوو بەرەکە "علمانی و ئیسلامی " لە ژێر پرسیاری خەڵك دان، هەر لە بەشداری کردنی یەکگرتووە بگرە لە کۆنگریەکی دژبە کورد لە میسر، تا گلدانەوەی رێژیەکی زۆری توند رەو لە ناو کۆمەڵی ئیسلامی، کە تاکو ئێستا پرۆژەیەکی ڕوونیان نیە، ئاخۆ دەیانەوێت چۆن کوردستان بەڕێوە بەبەن، لە لایەك لە لایەکەی تریش دەبنرێت دوای جەنگی ماڵ وێران کەری ناوخۆ، منافەسەی چەندین ساڵەی ناشەریفنە پارتی و یەکێتی بێ تاقەت نەبوونە لە ململانێ لە گەڵ یەکتر، تەنانەت دوای "شۆڕکردنەوەی رێککەوتنە ستراتیجیەکەی پارتی ویەکێتی " ئەوەی هەستی پێدەکرێت، نە بوونی هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوانیانە! بەهەر حاڵ ئەوەی زۆر ڕوون دەر دەکەوێت، ئەوەندەی ترس لە لە دەست دانی پێگەی حزبە سیاسەکان زیاتر هیچی تر نیە، ئەمەش بەر ئەنجامی ئەم بێ متمانەیەی حزبەکانە بەرامبەر یەکتری بە درێژای مێژوو، چ ئیسلامی بوو بێت یان عەلمانی، کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دا بوونە، جوانیەکانیان لە سەر حیسابی ناشیرنیەکانی ئەوانی تر پیشان بدەن، هەڵبەتە ئەم منافسیەش لە غیابی ناوەندێکی ستراتیجی نەتەوەی بەرێوە چووە، هیچ هێزێك نە بووە، لێپێچینەوە لە مەر ئەم وێرنەی بێفکری حزبەکان بکات، ئەشێت لەم بایریەوە پەرلەمان تاوان باری سەرەکی بێت، ئەم دۆخەش لە ناوەندی شەقامی کوردستان نارەزایەتیەکی زۆری درووست کردوە لە ئەدای ئیداری کوردستان، ئەمەش زەنگێکە هیچ هێزێك نیە بتوانێ خۆ لە مەترسی ئەم زەنگە ببوێرێت.

وەك عەلی باپیر باسی لێوەکردووە کاریگەری دەرەکی لەکوردستان کۆمەڵێك هۆی بابەتی هێناوەتەپێش کە لە ئەنجامیشیدا ئەشێ بگوترێـــــــت لەلایەك هەم یەکێتی و پارتی هەم ئیسلامیەکانیش هەوڵی داڕشتنەوەی ستراتیجیانەی خۆیان خستۆتەگەڕ بەتایبەتی دوای ئەوەی پارتی دادو گەشەپێدان دوور لە چاوەڕوانی خۆشیان دەسەڵاتی تورکیایان بردەوە، هەروەها ئەم هۆکارەش وایکردووە یەکێتی و پارتی کار بۆ خۆدوورگرتن لەکاریگەریەکانی ئەم گۆڕانە بگرن هەروەك ئیسلامیەکانیشی هاندا تاکو هیوای گرتنەدەستی دەسەلآت وەك پارتی دادو گەشەپێدان ببێتە خەونێك بۆیان و کار بۆ وەدیهێنانی بکەن، ئەوەی بەم بابەتە پەیوەندیدارە چەند پرسیارێکن کە پێویستە ئاراستەی هەردوو ڕەوتی سیاسی لە کوردستان بکرێن بە جیاواز، ئەگەر وابڕیارە هێزە سیاسیەکان لەکوردستاندا خۆیان بەخزمەتی گەل و خۆشگوزەرانیەکانیان دەبەستنەوە، چونکە ئەو دووئاراستە ئایدلۆژیە لێك جیاوازەی لەکوردستاندا لەکاردان بانگەشەکانیان جیاوازن پێویستە هەریەکەیان لەگۆشەنیگای خۆیەوە ئاراستەی پرسیارەکانیان بەرەوڕووبکرێتەوە.

یەکەم: ئایا عەلمانیەکان لەپاڵ خەباتی خۆیاندا لەمێژوو لە ئێستادا تاچەند توانیویانە ئینتمای عەلمانی لەناو ڕای گشتی بە سوودی خۆیان بنیات بنێن، وە ڕێژەی عەلمانی بوون لە کوردستان بەشی وەلاّمی پێویستیەکان کارایە؟ ئایا میکانزمی مانەوەو ڕازی کردنی ڕای گشتی تاچەند کارایەو لەکاردایە لەناو ئاراستەی سیاسی عەلمانیەکاندا؟ ئایا پرۆژەیەکیان هەیە بۆئەوەی نارەزایی جەماوەر بەئاراستەی ئیجابیانە کە بەشی زۆری لەپێویستیەوە سەرچاوەی گرتووە؟ وەك زانراوە لەهەرکوێیەك پێویستی خەڵك بوونی هەبێت پرۆژەو فیکرو ئایندە بێنرخترین شتن، بۆیە پرسیاری <<ئەرێ>> لەدیدی

ڕێککەوتنە ستراتیجیەکەی یەکێتی و پارتی کێی داخوازی خەڵك بۆ دەست خستنی پێویستی کاری تیاکراوە، یان بـەدیوێکی تـردا ئـەوەی کـاری تیانـەکراوە چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە زۆرترین ڕێژەی نائومێدی لەلای خەڵك دەرحەق بە پڕۆژەکە دروستکردووە، ئەمەش ناڕەوانییە، چونکە ئەگـەر بەهانەیـەك هەبێت بۆ ئاشکرانەکردنی ناوەڕۆکی پڕۆژەکە ئەوا کاریگەری دەرەکیـە، ئەمـەش لەزۆربـەی کـات و خاڵەکانـدا ناڕەوایـە، بەتایبـەت کاتێـك کـە ئەمانـەوێت لەبارو دۆخی ناوخۆ بدوێین، چونکە ئەشێ وەڵامی بێ ئومێد نەبوونی خەڵك بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە ئاشکرابکرێت ئەگەر هـەن! نائومێـد بـوونی خـەڵك دەرحەق بە ڕێککەوتنەکە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە چیتر شەقامی کوردستان ئەو شەقامە نییە بە توێکڵی شتەکان ئیکتیفا بکات، ئـەم بـێ متمانەییـە هەرچییەك بێت دیارە دیاردەکانی کوردستان "گەندەڵی" بەئەندازەیەك متمانەی خەڵکیان کـەم کردۆتـەوە کـە دەبێـت بـە کـردەوە هـەموو شـتەکان وەڵام بدرێتـەوە، بۆیـە دەپرسـین پـڕۆژەی بـەکردەوەوی عەلمانیـەکان چییە تـاکو خـەڵکی بەشمەینـەتی کوردسـتان وەلائـی بۆبکات، ئایـا ئـەدای کـاری حکومـەت دەتوانێت ئەمەبکات؟ بێشك نـەبوونی پێداویستی خـەڵك بەشـی زۆری لـە بـێ هێـزی حکومـەت سەرچاوەی گرتـووە، بەئـەکتیف کردنـی ئەشـێت شـتەکان بگۆڕدرێت، بەڵام ئەکرێت حکومەت ئەکتیف بکرێت چۆن؟ هەڵبەتـە بۆمانـەوەی یـەکێتی و پـارتی لەلوتکەی دەسـەڵات زۆر ڕێگەهـەن سـەختن سـەختن و بێگومان سەختن، هۆکەیشی تەنیا خۆیانن! هەمدیس دەبێ بپرسین ئاخۆ یەکێتی و پارتی ئەیانەوێت لە دەسەڵات بمێننەوە، ئاخۆ پێیان وایە ئـەبێ مافـە وەدەست نەهاتووەکانی گەلی کوردستان ئـەوان وەدەسـتی بێـنن یـاخود نەخۆشـی و سسـتی لـەکاری حزبـی و ڕێکخراوەیـی بەئەندازەیـەك نەخۆشـە ڕێگـرە لەبەردەم ئەم کارە؟ ئاخۆ دەردی یەکێتی و پارتی لەناوخۆیاندا ئەو نەخۆشیەیە شەلەلی گشت پڕۆژەیەکی کردبێت، ئاخود ئەم دەردە دەوایەکی هەیە؟

دووەم: لایەنە ئیسلامیەکان هەرچەندە تاکو ئێستا بەکردەوە دەسەڵاتی یەکەمی کوردستانیان وەرنەگرتووە، بـەڵام بەشـدارێکی دەسـەڵاتی ئێسـتاش بوونـە بەکردەوە؟ ئایا ئەوان دەتوانن چ گۆڕانێك بکەن، لەکاتێکدا لەپاڵ ناڕەزایەتی جەماوەر بەرابەر "ی.ن.ك و پ.د.ك" ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان نـاتوانن خۆیـان ببـوێرن لـەم ناڕەزاییەتیـە، لایەنـە ئیسلامیەکان چ جیاوازیـەکیان هەیـە لەگـەڵ لایەنـە عەلمانیەکانـدا بەتایبـەت لەوکاتـەی پێویسـتیەکانی خـەڵك پڕۆژەو فیکرو ئایندە بێنرخ دەکەنەوە؟ ئایا هەوڵی وەدەست هێنانی زۆرینەی دەنگەکان لەکوردستان بەچ میکانیزم و ڕێبازێك بـەڕێوە دەبـەن؟ لـە کاتێـك کە "لەبەر بەهانەی ئەمریکاو زمان لێکوتانی خەڵك مەکتەبی عەسکەریان حـەلکردوە" ئەمـەش لـە سـەرتای چاوەڕوانیەکان لـەم ڕێکەوتنـە ئـەوە پیشـان دەدات کە هەڵ نەگرتنی چەك لە لای ئیسلامیەکان لە بەر باور نەبوونیان نیە، بە توندوو تیژیو چەك ئەمەش خۆی پرسیارە، ئەشێت لـەم تێروانینـەوە لە کاتێکی تر هەوڵی لەم بابەتە لە نێوان دووکەوانە ئەگەر پێویست بوو شتێکە دەکرێت چاوەڕوانی هەڵگرتنی چەك بـین لـە ئیسلامیەکانیش؟! ئایـا لـەم کاتە کە ڕێکەوتنێکی هاوشێوەی علمانیەکان لە نێو خۆیان مۆر کردوە، بە چ گوتارێکی تازە ململانێی علمانیەکان دەکەن؟ ئایا ئەوان ئـەتوانن وەڵامـی ئـەم ڕەخنە جدیانەی کە لەمـەر کەمتـەر خـەمیان لـە ئاست، کێشـە نەتەوەیـەکان لێیـان دەگیرێـت بدەنـەوە؟ ئایـا توانـای پڕۆژەکانی ئیسلامیەکان لـە ئاسـتی پڕۆژەکانی علمانیەکان، چ دیدێکی تازەی تێدایە؟ لە کاتێکدا ئیسلامیەکان ناتوان ئۆباڵی گەندەڵی کوردستان بدەنە، پاڵ علمانیەکان بە تەنیا، کاری نوێیان چیە؟ ئایا ئەکرێت بڵێن  ڕێکەوتنە سـتراتیجیەکەی ئـەوان، بـۆ ووردە دیبلۆماسیـەتێکی نـاو خۆیـە، کـە ئەشـێت بارودۆخێـك بـەرەو دواوەیـان بـەبات؟ یـان هەوڵێکە بۆ دەرباز بوونی کوردستانە لە قەیران؟ دیارە رابردووی ئیسلامی سیاسی لـە کوردسـتان رابردوێکـی بـێ خـەوش نیـە، بـە پێـی قـەبارەی خۆیـان، ئەمەش وای کردوە کە ئیسلامی سیاسی لە گەڵ ئەوەی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی جۆری تێکگەیشتنی رای گشتی بگۆڕن ، نا شار درێتەوە تـا ئەندازیـەك کاریـان بـەم ئاراسـتەیە، ئـەنجامێکی باشـی هـەبووە، ئەمـەش یـەکێتی و پـارتی لـە هـەموو کەسـێك زیـاتر ئـەم راسـیە دەزانـن، هـەوڵی پەرچـە کرداریشـان ئاشکرایە، بەڵام تاکە ڕێگری گەورە لە بەردەم ئیسلامی سیاسـی لـە کوردسـتان ئەوەیـە، نـەیان توانیـوە، وەڵامـی راسـتەقینەی بـاور پێکـراو بـۆ، نیشـتیمان پەروەریان بدەنەوە! هەڵبەتە ئەمە گەورەترین کێشەی ئیسلامی سیاسی دەبێت تا ئەو کاتەی وەڵامی باور و ڕاستە قینەی ئەم شتە دەدەنەوە بەکردەوە.

جیهاد و کارکردنی ئیخوان لە سەر ئاستی جیهانی، دوو لەو دنیا بینیە فراوانەی ئیسلامن ئایا ئەمـە بـەچ  پێـوەرێکی بەیـەك گەیشـتوون، هەڵبەتـە بـێ گەرانـەوە، بـۆ مێـژووی ئـەم دوو دنیـا بینیـە ئەسـتەم نیـە لـەوە تێبگـەین، کـە ماسـتێکی بـێ مـوو نیـە! بـەڵام ئەگـەری گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات لـە لای ئیسلامیەکان ئەگەرێکە، بە بڕوای من ئەم ئەگەر ئەگەرێکی  زانستیە، ئەشێ ببێت، هەلبەتە ڕێگایەکی ئاسان و بێ کێشە نیـە، بـەڵام مـرۆڤ هەرچـەند لـە کاری حکومەت و حزبە عیلمایەکان دەروانێت، هیچ بەدیلێك نابینرێت، تاکو خەڵك پێویسیەکانی لێ وە دەست بێنێت، جگە لە هەڵبـژاردنی ئیسلامیەکان بۆ بەڕێوە بردنی حکومەت، خۆشە بێت یان ترشی گەل پێویستی بە گۆرانە! گۆرانیش ووشەیەکە سوواوە هیچ ئومێدێك نابینرێت لە لای خەڵك..